# کۆڕی بەڕێز / سەلاح بەدرەدین
# " تێڕوانینێکی نوێی پێگەی " ئادار " لە مێژووی کورددا "



هەر خوێنەرێکی مێژووی بزاڤی رزگاریخوازیی کوردستانی و گۆرانکارییەکانی خەباتە نەتەوەییەکەی دوێنێ وئێستای دەتوانی ئەو مێژووە و ئەو گۆرانکارییانە بەکۆمەڵێك دەستەواژەی کورت و ژمارەیەك پەیف پوختە بکاتەوە کەلەمێشکی وەچە کوردییەکانی یەك لەدوای یەك لەوەتەی سەدان ساڵە و تاکو ئێستا دەرناچن و لە رووی کاتەوە بەمانگی ئادارەوە بەستراونەتەوەو نیشتوونەتە ویژدان وعەقڵ و رەفتاری کوردی لەژیاندا بە وابەستەیەکی ئۆرگانی کەقابیلی کەرتبوون نین و لەوپەیف و دەستەواژانە نەورۆزی رۆژی لەدایکبوونی کوردو مەشخەڵە ئەزەلییەکەی ( بارزانی ) دروستکەری رابوونەکەیەتی و لوتکەی هەرەتییەکەیەتی و هەڵەبجە . نیشانەی رۆژی هەڵسانەوەیەتی و راپەڕین : نوێبوونەوەی دەورەی ژیانییەتی لە مەڵبەندی دل لە نیشتمانە پارچە پارچە کراوەکەی و ئاشتی : ئامانجی یەکەم و کۆتاییتی . هەرهەموویان لە کاتی بەیەکگەیشتندا لە مانگی ئەو ( ئادار ) ەی کە مێژووی کورد بە گشتی و کوردستانی عێراق بەتایبەتی لە دیمەنێکی نایاب و قووڵی هەڵگری سەربەرزی کورد لە هەموو لایەکییەوە کۆدەکاتەوە ، بۆ ئەوەی سەربەرزی کورد لە هەموو لایەکییەوە کۆدەکاتەوە ، بۆئەوەی ئەم مانگە کوردستانییە . مافی خۆی لەرێزلێنان پێبدەین و ئێمە لە سەرەتای هەزارەی سێبەمین و بەبەردەمی دەروازەی سەدەی بیست ویەك تێپەرین و ، رۆژانی ئادارییەکەی دەژین . پێویستە بەوردی لەبەردەم وێستگە دەربڕە دیارەکانی بوەستین و هەوڵی پێناسە کرانەوەی رووداوەکانی بەدیدێکی نوێکەرەوەو دەستنیشانکرانێکی وردی راستییەکانی بدەین ، بۆئەوەی بەشێك لە ئەرکە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانمان بەجێبگەیەنین و پرۆگرامێکی بابەیتی زانستیانەی رەخنەگرانەی رەوتی پێشینانمان و لایەنەکانی رۆشنبیرییە نەتەوەییەکەمان و کچ و کوڕانی وەچەی ئێستامان ، بۆ ئەوەی هەموومان بتوانین بچینە ناو نهێنییەکانی سەردەمی ئەمرۆمان و خستنە رووی دۆزە عادیلانەکەمان بەشێوازێکی دروست و پەیڤی قەناعەتپێکەرو پەیداکردنی پێگەیەك کەشیاوی قوربانییەکانی گەلەکەمان و بەرخودانی سونبلەکانی و رێڤەری بزاڤە رزگاریخوازەکەمان و شەرەفمەندیی ئامانجە رەواکانمان لە سەرفرازی و چارەنووس بێ .

بادەستپێبکەین :

<u>یەکەم : نەورۆز</u>

زۆر لەگەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نەتەوەکانی لەکۆتایی ئاداردا بەم بۆنەیەوە ئاهەنگ دەگێرن و لەڕوانگەو تێڕوانینی جیا جیا مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن و . کورد بەڕۆژێکی نوێی ژیانی خۆیانی لەقەڵەم دەدەن کە لەیەکەم ڕۆژانی بەهاردادێو ڕەمزی ئازادی و شۆرش و سەرفیرازییە زیاتر لەدوو هەزار ساڵ . بەم شێوەیە دەبینین کەنەورۆز بۆنەیەکی هاوبەشەو . نێونەتەوەییە . ئەگەر دەربڕینەکە دروست بێ , لەدەروونیا تەنکە مرۆڤایەتییەکی هەڵگرتووە لەگردکرانەوەی بارستەیەکی مرۆیی فراوان لەنەتەوەو گەل و قەومەکان لەسەر بنچینەی پەیوەندیی دۆستایەتی و کارلێکی نێوان رۆشنبیریی و زمان و داب و نەریتی گەلانی پێکەوە ژیاو لەم ناوچەیەی کەلەرۆژ هەڵاتی ناوەراستەوە بۆ ناوەراستەکانی ئاسیاوە درێژ دەبێتەوەو.لەم روانگەیەوە –نەورۆز – دەربرینی سیمایەکی ژیاریی هاوبەشی فراوانتر لەئینتیماکانی نەتەوەیی و ئایینی و مەزەبی بەخۆ دەکرێ . جگە لە خێڵەکی و . ئەوەی سەر ڕاکێشە ئەو گەل و قەوماونەی کەپابەندن بەپێشوازیکردنی – نەورۆز – لەنێوان کوردو ئێرانی و هیندی و ئەفغانی و بلووج و هەندێ گەلانی قەفقاس بەموسڵمان و مەسیحی و ئێزدیو هیندۆسی و بووذ ییەوە .لەناویاندا سوننەو شیعەو عەلەوی و میسری ئاهەنگ دەگێڕن و ناوی دەنێن ( شم  النسیم - بۆنکردنی شنە ) و دەکرێ ئەم کۆمەڵە قەومییە ئەتەنی و ئایینە کە پەیوەندەکانی مێژوو کلتوور و ژیار. بارستەیەکی فراوان پێکبێنن و لەناو خۆیاندا دایەلۆگ بکەن و بەردەوامبن لەسەر شێوەی کۆمەڵەی – فرانکفۆنی – کە ڕۆشنیریی فەرەنسی کۆیان دەکاتەوە . یاخود کۆمەڵەی دەوڵەتانی - کۆمنوێلث– کەوا لەژێر سایەی تاجی بەریتانی دابوون . یاخود دەوڵەتانی – سکەندیناڤی – یائەو دەوڵەت و گەلانەی ڕۆشنبیریی تورکی کۆیان دەکاتەوە . یاخود ڕۆشنبیریی – فارسی- تاغەیری تر لەو بارستانە و کۆمەڵانەی لایەکانی تری جیهان و لەو حاڵەتەی کەئێمە ئێستا لێیدەدوێن . دەکرێ ناوی بنێن کۆمەڵەی – نەورۆز – و ئەم کارە ئەگەر سەربگرێ بۆ سوودی گەلەکەمان دەبێ بۆ ئەوەی لەو دابڕینەی بەسەریدا سەپاوە . لەئەنجامی سیاسەتەشۆڤییەنەکان دەربچێ  و بۆ ئەوەی مێژوو واقیعەکەی و دۆزەکەی بەشێوەیەکی ڕاستەقینەی دروست بزانێ و کار بۆ ئاڵوگۆرکردنی شارەزایی و ئەزموون لەگەڵ ئەوانەی تردا بکات و . دۆستی نوێ و پێگەی شیاو لەتەك گەلانی تردا دەستبکەوێ و . کورد لەناو ئەوانە هەموویان تاك بێ کەهێشتا لەقۆناغی رزگاریخوازی نیشتمانین و قەوارەیەکی سەربەخۆیان نییە . ئەمەش لەلایان بەهای ئەم بۆنەیە و قوڵاییە نەتەوەکەی و خاسییەتە شۆرشگێری و خەباتگێرییەکەی ورەهەندە مرۆڤخوازییە سەرانسەرییەکەی بەهێز دەکات . هەروەها – نەورۆز – سەبارەت بەکوردەوە لەئاستی بەهایەکی تێکۆشەرانەی ئامادەکاریدایە و ئامرازێکە بۆ سەلماندنی خودو پێناسە لە لایەنەکانی کەسایەتیی نیشتمانی و . ڕۆشنبیریی و فۆلکلۆری و زمانەوانی هونەرییەوە . لەزۆر وڵاتانی دابەشکەری کوردستان هەڵوێستی یاسایی رەسمی لەدانان بەم بۆنەیە وەك جەژنێکی نەتەویی کورد پێوەرێك بۆ دیموکراتییەت یاشۆڤییەنییەتی رژێمە حوکمدارەکان لەو وڵاتانە پێکدێنی و راوەی وە تەنگ هاتنی لەگەڵ ویستی گەلی کورد و رێز لێنانی رۆشنبیریی و مافە نەتەوەییە رەواکانی دانان بەبوونی . لەم ساڵانەی دواییدا چەندین ڕووداوی دڵتەزێن ڕوویاندا . بەتایبەتی لەتورکیا و سوریادا ( کەئەم جەژنە نەتەوەییە قەدەغەدەکەن ) لەئەنجامی ئەو ڕێگەنەدانەی بەسەر جەماوەری کورد سەپێنراوە تاپێشوازی لەرۆژی نەتەوەیی خۆی – نەورۆز – نەکات چەندین کەس لەو پێناوەدا

شەهید بوون لەناویانـدا شـەهیدی نـەورۆز – محەمـەدەمین ئـادی – لەناوچەی جزیـرە لەکوردسـتانی سوریا. هەروەها بەسەدان کەس درانە دادگاو رووبەرووی ئەشکەنجەو راونان و دەسگیرکردنی زۆرەملـێ بوون لەبەر ئەم هۆیانە . ژمارەیـەکی زۆر لـەرێکخراوەکانی هەرێمایـەتی و جیهـانی مـافی مـرۆڤ داوای دانپیانانی رەسمیان کرد بەم جەژنە نەتەوەییـەی کـورد لەلایـەن دەسـتەڵاتدارانی وڵاتـانی دابەشـکەری کوردستان . لەنێویاندا فیدرالیزمی نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ لەپاریس و رێکخراوی چاودێری رۆژهەڵاتی ناوەراست لە نیۆیۆرك . وەك ساڵانە لەراپۆرتەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا دەربـارەی مـافی مـرۆڤ باسی لێوە دەکرێ .

سـەبارەت بـەکوردەوە – خۆبەسـتنەوە – بەنـەورۆز وەك بەهایـەکی نەتـەوەیی ژیـاریی رۆشـنبیریی خەباتگێری مرۆیی بۆتە بەشێك کە لە خـەباتی نیشتمانی و بەنـدێکی بنچینەیی لەبەرنامـەی بزاڤـی رزگاریخوازی نەتەوەییان و ناونیشانێکی دیارە لەرەوتی مێژوویان و رەگـەزێکی بنچینەییان لەیـەکێتی نەتەوەییاندا جیاناکرێتەوە کەبەدرێژایی زەمان بۆتە فاکتەرێك لەفاکتەرەکانی پێکهاتنی نەتەوی کورد – کەلە دروستبوندایە – خراوەتە سەر فاکتەرەکانی زمـان و مێـژوو ویسـتی هاوبـەش و , قۆناغـەکانی داهاتوو لەتەرخانکردنی ئەم فاکتەرەدا . زۆر زۆر زیاتر بەدی دەکەن .

<u>دووەم: بارزانی</u>

بەهۆی رۆڵەدیارو کەسایەتییە کارامازییەکەی بارزانی نـەمر کـە لـەدایکبوون و کۆچکردنی رێککـەوتی مانگی ئادارە . تـوانی پەنجـەی دوایـی لەسـەر دروسـتبوون و بنیـاتی پرۆگرامێکـی سیاسـی هزریـی نەتەوەیی تەواو کاردابنێ ئەمرۆ ناویـدەنێین -بـارزانیزم- کـە کەڵەکـەبوونی سـێ وەچـەی بـارزانی لەگۆڕەپانەکانی چاکسازی و پەروەردەیی و رەوشتکاری و خەباتگێری بەرجەستەبکات و بیانخاتـە سـەر ئاستی رەفتاری بەکردەوە و بەکاری بەرخودانی و قوربانیدانی لکاو بەبوێری و سەربەرزی و نەبەزینی و نـەتوە خـوازی و رەتکردنـەوەی سـتەم و دەسـتدرێژی . بـەرەو رێبـازی نەتـەوەیی و نیشـتمانی و قوتابخانە بۆ دەرچوواندنی بنیاتنەرانی چوارچێوەی فراوانتر یان بەرێ . – کوردایەتی – کەلەبنەرەتدا هاوتایەکە لە – بارزانیزم – دا جیا نابێتەوە . ریڤەرانی یەکەم هەرلەسـەردەمی شـێخ عەبدولسـەلامی یەکەمـەوە دەسـتیانکرد بـەدانانی یەکـەم خشـتی ئـەم رێبـازەو رێگـەیان شـەقکرد بـەرەو بانگەشـە بـۆ چاکسازی – چاکسازیی دەسەڵاتی عوسمانی چاکسازی هۆیـەکانی بانگەشـەی ئـایینی و . بڵاوکردنـەوەی ئـایینی ئیسـلام بەچۆنییەتێکی دروسـتی دوور لەبیدعـەو بیروبـاوەڕی پـڕو پـووچ و سـوود وەرگـرتن لەئایین بۆ مەبەستی تایبەتی . لەو زەمانەدا لەتوانادا نەبوو تێکۆشانی نەتـەوەیی لەویستی چاکسازی ئـایینی وکۆمەڵایـەتی و سیاسـی جیابکرێتـەوە . کـەوا بزاڤـی چاکسـازی هاوشـێوە لـە ناوچـەو شـوێنە جیاجیاکـان سـەریان هەڵـداوە . چـەندین نیشـتمان بـەکاری ئـەو بزاڤانـە ئـازادبوون و سـەربەخۆییان وەرگـرت . بـۆ نموونـە : بزاڤـەکانی سنۆسـی و مەهـدی و وەهـابی و بزاڤـی هەردووشـێخی ئـەفغانی و محەمـەد عەبـدە . هـەروەها بزاڤـی نەتـەوەیی سـەربەنوێخواز لـەوڵاتانی بوڵقـان پێشەوسـەرکردەکانی پیاوانی ئایینی مەسیحی بوون. ئەوەی سەرنج ڕاکێشە دانەری پیتـەکانی ئەبجـەدی بولگـاری – سـلاڤی

نەتەوەیی ڕەبەنێك بوو . پاشان ئەم بزاڤە ئایینیە – نەتەوەییانە بوون بەبزاڤی نەتەوەیی چاكسازی و سوشیالستی . تەنانەت لەئەوروپای سەرچاوەی هزری نەتەوەیی . كلێسا ڕۆڵێكی دیاری هەبوو لەژیانی سیاسیدا كەوا ڕێبازی نەتەوەیی بەسەركردایەتی بـرژوا و توێـژە ڕۆشـنبیرەكان هێنایـە كایـەوە . دوای بەتەوژمبوونی ململانێی نێوان كلێساو پاشا لەلایەك و توێژەكانی دیكەی میللەت لەلایەكی تردا و دەبێ بیرمان نەچێ كەشەڕەكانی خـاچ پەرسـتی كەكلێسا سـەركردایەتیكرد و لەلایەكیـدا گـەڕانبوو بەشـوێن فراوانكردنی نەتەوەیی و تالآنكردن بۆ بەرژەوەندیی -نیشتمانی دایك – تەنانـەت بزاڤـی نەتـەوەیی كوردیش هـەر لـە سـەرەتایەوە كەلەڕاپـەڕین و بزاڤەكانـدا بەرجەسـتەبوون . پیـاوانی ئـایینی چاكساز سـەركردایەتیان كـردن و بۆچـوونی – ئـایینی – چاكسـازی تێكـەڵ بـەتێڕوانینی نەتـەوەیی ناكامیـان هەڵگرتبوو ئەگەر بەچەمكەكانی هزری نەتەوەیی لەسەدەی بیستەمدا ئەندازە بكرێن. كەوا بێوەستان دەگۆڕێن و نەوژەن دەبنەوە . مادامەكی بەرەوپێشڤەچوون لەبنیاتەكانی كۆمەڵایەتی گۆڕان لەئامانج و پێشـەوەییەكان وپێشـكەوتن لەزانسـت و ئـابووری و . گۆڕانكـاریی ڕیشـەیی لـەپێوەرەكانی هێزەكـان و ئاسـتی گەروونیـدا هەیـە . –بـارزانیزم – وەك ڕێبـازێكی نەتـەوەیی خەمـەكانی گـەلی كـوردو هیـواو خواستەكانی هەڵگرتبوو بێ ئاگا بڕان لەهەرلایەنێك لەخـەمی چاكسازی – ئـایینی بـۆ كۆمەڵایـەتی – چـینایەتی و بـژێوی و پەیوەندییـە دروسـتەكان لـەنێوان ناوچـەكان و تیرەكـان و ژیـانی هاوبەشـانە بەتەبایی لەگـەڵ شـەبەنگەكانی ئـایینی و مـەزەبی لەكوردسـتان لەسـەر بنچینەی نـەگۆڕ . كەبناغـەی ڕێزلێنانی تایبەتمەندی ئەوی تـر و پاراسـتنی لەخواپەرسـتیدا . هـەروەها خـەمی نیشـتمانیی عێراقـی لەبواری كاركردندا لەپێناو دیموكراتییەت و عەدالـەت و پتـەوكردنی برایـەتی نەتـەوەیی – كـوردی – عەرەبی و . بانگەشە بۆ لێبوردن و ئاشتەوایی و خۆبەستنەوە بەدایەلۆگ و تێگەیشـتن و . ڕێگەنـەدان بەدەركـەوتنی هـەر رواڵـەتێك لەرواڵـەكانی تـیرۆرو دڵڕەقـی و خـوێنرژتن و كردنـی كوردسـتان بەهەوارگەیەكی ئاسوودە بۆ هەموو تێكۆشەر و هێزە سیاسی و دیموكراتی بـۆ ئـەوەی بـەكامی ئـازادی كاربكەن .بـەڵام خـەمی نەتـەوەیی –كوردسـتانی- بـارزانیزم هـەر لەسـەرەتاكاندا بـەڵكو لەقۆناغـەكانی یەكەمین درووستبونی لەئامێزی گرتوو لـەرۆژگاری بـارزانی نـەمردا گەیشـتە لوتكـە كەبـەكارتێكردنی چـەمكە نەتەوەییـەكانی و ڕێبـازە كوردسـتانییەكەی و پەیوەندییـە بـەربڵاوەكانی لەگـەڵ هێـزە كوردستانییەكاندا بووە مەرجەعیەتێكی نەتەوەیی بۆ هەموو تێكۆشەرانی كورد لەهـەموو پارچـەكانی كوردسـتاندا . هەوڵیـدا لەگـەڵ كـوڕە خوالێخۆشـبووەكەی ئیـدریس بەپشـتگیریكردنیان و بەئاراسـتە كردنیـان و لـەبواری مـادی و مەعنەویـدا بەتایبـەتی لەسـەر ئاسـتی یەكخسـتنی ریزەكـانی ڕێكخـراوە كوردییەكان تووردانی دووبەرەكی و ناكۆكیو, بەرەڤانیكردنی لە گیراوە سیاسییە كوردەكان لەوڵاتەكانی ترداو داواكردنی ئازادكرنیان . لەهەموو ئەوەدا لەپێگەی – مەڵبەندی نەتەوەییەوە دەیروانی . وێـرای ئـەوەو بـەهۆی كەڵەكـەبوونی چـەندین شـارەزایی و ئـەزموون و ئـەو دەرسـانەی لێیانهـەڵێنجاون – بارزانیزم – بووە سەرچاوەیەكی هزری تێكۆشەرانە . تێكۆشەرە نەتەوەخوازەكانی كورد بەپێی ئەوەی بۆیان ڕەخسابوو لەتوانایانـدا هـەبوو لەوەتـەی كۆمـاری – مـەهابادە -وە تادەگاتـە دروسـتبوونی حزبـە كوردستانییەكان لەتوركیا و سوریادا لێیانهدەڵێنجا . ئەگەر ئێمە ئەمڕۆ ئەم مێژوو بەكۆنی و نوێیەوە بەبەرزی ڕێزی لێدەنێین . پێویستە لەسەرمان بێ سڵەمینەوە و بە بەرپرسییەكی تـەواوەو لەپێشـەوە

دان به دریْغی بنیْین لەلایەنی سستی و پووکانەوە لەکۆکردنەوەو ئامادەکردنی ئەم کلتووره قەبەو دەوڵەمەندە بێ شومارەی تیۆری و عەمەلییە بەمەبەستی دارشتنەوەی و گەیشتنە گەڵاڵە کردنی بەرنامەی بنچینەیی و راستەقینەو نویْبوونەوەی بارزانیزم . دووەمیان لەلایەنی وازهیْنان لەگۆڕینی ئەو بۆنەیانەی پەیوەندییان بەئەوەوە هەیە بۆ نمایشکردنی رۆتینی . سیْیەم لەمەترسی بەتاڵکردنی بابەتەکە لەناوەڕۆکە نەتەوییە میْژووییەکەی بەتایبەتی کەبارزانیزم بەو پیْیەی ریْبازیکی نەتەوەیی سەرانسییە, نەتوەخوازە , راستەقینە دوورەکان لە ئارەزووی نانەتەوەیی و نانیشتمانی و ئینتیمایە حیزبیە تەسکەکان نەبن . ناتوانن کارلیْکی لەگەڵدابکەن .

بارزانیزم لەم سەردەمەماندا لەچوارچیْوەی کوردایەتیدا لەنگەر دەگرێ . کەچەکمانە لەرووبەرووبوونەوەی بەگژدا هاتنە هەمە جۆرە هەنووکەییکان و ئایندەکان و . سلینگی بەردەوامبوونی رابوونمانە تاهیْنانەدی ئامانجە رەواکانمان . بالەساڵیادی سەدەمینی لەدایکبوونی کەساڵی داهاتوو دەبێ بکەینە ریْسایەك بۆ پیْداچوونەوەی قۆناغەکانی پیْشوو لەخەباتی گەلەکەمان و بکەینە سەرشاریْك بۆ رابوونیْکی نوێ بۆ هیْنانەدی ئامانجەکانمان لەپیْشکەوتن و ئاشتیدا .

<u>سیْیەم : هەڵەبجە</u>

رەهەندی مرۆیی کارەساتەکە لە میْشکی مرۆڤی کوردا ناسریْتەوە . (هەڵەبجە) چووە ناو میْژووە هاوچەرخە کەمان لە دەروازەی ئازارەوەو لەبەر چاوی وەچەکانی داهاتوودا دەمیْنیْو دەخریْتە سەر ئیْش و ئازارو کارەساتەکانی گەلانی تر لە سەر رووی ئەو زەمینەی بەر لە کورد رووبە رووی شیْوەکانی فرکردنی عیراقی بوونەوە . مانایەکی تر کارەساتی ( هەڵەبجە ) لەراگەیاندنی جیهاندا یە کەوا میللەتیْك هەیە هیْشتا لەکۆت و زنجیرەکانی دەرباز نەبووەو ، گەلیْك هەیە سوورە لەسەر خۆبە ستنەوە بەژیانی ئازادانەی شەرەفمەندانە ، هەر چەند خەبات توندتر بێ و قوربانییەکان زیاتربن ، هەروەها چەند رژیْمیْك هەن چەمکەکانی سەدەکانی ناوەراست و نەگریس ترو فاشیترو خویْناویتریان بە خۆ گرتووەو ، هیْشتا لە ناوچەکانی جیهاندا وەك ( کوردستان) چەند هیْزیْك بەئاگر و ئاسن حوکمی دەکەن و بەگژ ژیاری مرۆڤایەتی و پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان و جاڕنامەی مافی مرۆڤدا دەچن و دژی پیْشکەوتن و پیْکەوە بە ئاشتی ژیان دەوەستن و ، لە ناوچەکانی سەر رووی زەوی هیْشتا مەسەلەی نەتەوەیی چارەسەری ئاشتیخوازانەی بۆ دانەندراوە ، هەرچەندە مرۆڤایەتی پیْیناوەتە سەدەی بیستو یەك و ، ویْرای بەردەوامبوونی خەباتی بۆ زیاتر لە سەدەك و ئەمەش خۆی لە خۆیدا ، بەگژداچوونیْکی گەورەی بەهایەکانی نویْخوازی و دیموکراتییەت و پیْشکەوتنی زانستی و سیستەمی جیهانی و کارەساتی 11 ی ئەیلوولی ساڵی 2001 چەند راستییەکی تری خستەروو کەشاردرابوونەوەو لە پیْشەوەیان سوور بوون لەسەر چەوسانەوەی گەلان و قەدەغەکردنیان بەزەبری هیْز کە مافی نەتەوەیی و دیموکراتی و مرۆڤایەتییان نەبیْو بێ بەش بن لەمافی چارەنووسیان ، ئەوە دەبیْتە پاڵنەریْك بۆ ئەو گەلانە یاخود چەند کۆمەڵیْك لەوانە ، بەواتایەکی دروستر بۆ گەڕان لە هۆیەکانی تر رەنگە رەوانەبن یاخود تیرۆریست بن بۆ سەلماندنی خودو لابردنی ستەم ، لەبەر ئەوە ئەو فەرمانگانەی ئاگاداری خاوەن بڕیار لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەوروپادا دەستیان خستۆتەسەر جەوهەری قەیرانەکەو دەست لە برینەکە دەدەن و هەوڵی ئەوە دەدەن – بەر لەوەی کار لەکاربترازێ . واقیع

**ببیسن و مامەڵە لەگەڵ هێزی بزاڤەکانی رزگاریی نیشتمانی بەهەموو تەوژمەکانی بکەن و وەتەنگ ئامانجە رزگار یخوازییەکانیان هێنا نەدی پێناسە نەتەوەییەکانیانەوەبن ، کە بە درێژایی ماوەی شەڕی سارد دوژمنایەتییان کردن بە و پێیەی لایەنگری یەکێتی سۆڤییەتی پێشوو ، کۆمۆنیزمی جیهانی بوون .**

**<u>چوارەم : راپەڕین</u>**

**خەباتی نیشتمانیی کوردی بەراپەرینی شێخ عوبەیدوڵلا نەهری لەسەدەی نۆزدەم دەستیپێکردو وەکۆتایی هات و . دوایی بەراپەرینی ئادار لەکۆتایی سەدەی بیستەم لەکوردستانی عیراقدا نەوەستاو لەنێوانیاندا دەستەیەك شۆرش و راپەرین هەیە کە گەلی کورد ناچاربووە پەنابەرێتە بەرو داکۆکێکردنێکی رووت و نارەزایی دەربرین خاوەن ناوەرۆکیکی نەتەوەییو بەرنامەیەکی ئازادیخوازی بوون کە هێنانەوەی دادو یەکسانی و مافی چارەنووسی بەخۆگرتووە .**

**گەلی کورد لەوەتەی هەیە گەلێکی راپەڕیوە دژی ستەم و چەوسانەوەیەو مێژووی نووسراووبەدەم ئەوە دەسەلێنن و پێویستە لەم بوارە دا پەندو دەرس لە زنجیرەی ( راپەرینخوازی ) کەزیاتر لە سەدەیەك بەردەوامبوو، وەربگیرێ . یەکەم دەرس ئەوەیە کە راپەرینی چەکدار و توندو تیژ چارەنووسێکی حەتمی نەبوو لەسەر ئەم گەلەوە هەر کارێکی چەکدارانە دەبێ لە هەڵوێستێکی سیاسی روونەوە ، لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردو ئاسایشی نەتەوەییو دوارۆژی نەوەکانی و سەلامەتی و چارەسەری دۆزە نەتەوەییەکەی و لە چوار چێوەی بنەما دیموکراتی و نیشتمانییە سەرانسەرییەکان ، سەرچاوەبگرێ و لە سنووری داکۆکیکردن لەخۆ دەرنەچێ و زۆر بەداخەوە چەندین لەو راپەرینانەی لە کوردستاندا بەرپابوون و دژی دەسەڵاتی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی یا سەفەوی یا ئەودەوڵەتانەی دوای پەیمانی سایکس بیکۆ کوردستانیان دابەشکردووە ، بەرنامەو پلان و ئامانجی روونیان نەبوو ، هۆشمەندیی سیاسی و زانیارییان لەمەر سیاسەتی هەرێمایەتی و جیهانی نەبوو ، وێرای بوێری و بەرخودانی ئەوانەی بەرپایان کرد لەپێشەوە جەماوەری فراوانی گەل و, لە سەردەمی ئێمەدا فاکتەرێکی نوێی خرایە سەر یان کە پیویستبوونە بە بەرژەوەندییەکانی هێزەکانی جیهانی و هەرێمایەتی بە چاوی بایەخ بەپێی بنەمای هاوسەنگی بەرژەوەندییەکان ، ئەمەش دەبێ لەسەر هەموو لایەنەکانی بگونجێنرێ . بەواتایەك کە ئەوانی تری پەیوەندیدار بە رەوشی کورد لە حکومەتەکانی هەرێمایەتی و هێزە نێودەوڵەتییەکان و دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان ، پابەندبن بە بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد بەتایبەتی لەمەسەلەی مافی چارەنووسدا . هەروەها دەبێ رابوون لەگەڵ پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی کورد لەلایەنەکانی رۆشنبیریو کۆمەڵایەتی و بەهایی ناکۆك نەبێ ، بەجۆری رەچاوی دروستیو ئاسایشی گەل و پێشکەوتنی ژیانی بە شێوەیەکی سروشتی بکات و بەرەو کارەست و قەیران پالی نەنێ و کلتوورو بنیاتەکەی و رێچکەکانی بژێوی بپارێزی بێئەوەی دەست لە پیرۆزمەندیی تاك و کۆمەڵ و خێزان بدات و ، لەکوشتارکردنی کوردی – کوردی لەبەر هەندێ هۆی چینایەتی و ناوچەگەری یا دیالیکتییە ناوخۆییەکاندا دوور بکەوێتەوەو ، ئەزموونێکی دوورو درێژی گەلەکەمان زیاتر لە بەشێك لەبەر دەمە, کەدواترینیان ئەزموونە تاڵ و خوێناوی و ئازار دەرەکەی گ ( پ ك ك ) بوو ، هەروەهادەبێ بەوردی سەرنج بدەین و بیرلە ئەزموونی ( دووەمین راپەڕینی –**

فەلەستینی بکەینەوە کەرەخنەی خلیسکان بەرەو چەکپۆشین و توندو تیژی لێدەگیرێ  بە پێچەوانەی یەکـەمین ڕاپـەڕینی میللـی ئاشـتیخوازانە ، وێـرای هـەموو سەرسـامی و ڕێـز لێنـانی ئازایـەتیی گـەلی فەلەستینی بـراو سـەرکردایەتییە بەئەزموونـە بوێرەکـەی . سـەدەی بیست و یـەك ڕاپـەڕینی تایبـەت بەخۆی بە پێی چەند پێوەرێك هەیە ، ڕاپەڕینێکە لەسەر هەڵەو لادان و پێگەکانی بـوونی کەلەبـەروە بەگەرخستنی هزری سیاسی و ڕۆشنبیری لە ڕێگەی هزر مەنـدەکانی و داهێنـەرانی لـە وانـەی شـایەدی ڕەسەنایەتی و پاراستنی نیشمانی و ڕێز لێنانی نەتەوەیی و مێژووی شـەرمەندییان بـۆ دەدرێ ، نـەك لەرێگەی کورتەبالاّ نانەتـەوەخوازەکان پێچـەوانەی ئـەوەی جاڕی دەدەن دور هاویشـتەدەکەن و لەسـەر ئاستی گـەل و جـەماوەر و یـەکێتی ئـامرازی ڕێکخسـتن دەجووڵێن بـۆ پێداچوونـەی چـەمکە حزبییـە تەسکەکان و گواسـتنەوە بـەرەو پانتـایی فـراوانتری – کوردایـەتی‚و‚ قووڵکردنـەوەی پەیوەنـدیی نێـوان سیاسـیو ڕۆشـنبیری و نەتـەوەیی و نیشـتمانی و تایبـەت و گشـتی و کـوردی ودیمـوکراتی ، خـۆی ڕاپەڕینەکە لەسەر خود لەرێگەی پێشخستن و گۆڕین و بیناکردنی بنەماکانی کاری دامودەزگاییەکان و بناغـەکانی دایـەلۆگی مـەدەنی و ژیـاری و ئامـادەکردنی دیراسـەکراو بـۆ جێبـە جێکردنـی پرۆسـەی گواسـتنەوە لـە قۆنـاغی شـۆڕش و ڕاپەڕینـەوە بـۆ قۆنـاغی بنیاتنـانی قـەوارەو کـارگێڕیی خـودی کـەوا قۆناغی بالاّترە لە ژیانی مرۆڤدا .

پێنجەم : ئاشتی

ئاشتی وەك ئامرازو ئامانج ، بەرەڤتارکردنی خەباتی ئاشتییانە بەهەموو وێنـەو شـێوەکانییەوە، بـۆ بەدی هێنانی ئامانجی کۆتـایی لـە پەیـژەی کۆمەڵایـەتی و پەیـژەی نەتـەوەیی . دۆزی کـورد چارەسـەر نـاکرێ لەکـەش و هـەوای ئاشـتی نـەبێ وەك ئـەوەی لـە 11 ی ئـاداری سـاڵی 1970 هاتـەدی‚و‚ مێـژوو سـەلماندوویەتی کـە دۆزی گـەلان ئەگـەر بەیـەکجاری لـە ڕێگـەی ئامرازەکـانی شـەڕ و توندوتیـژی و وێرانکاری چارەسەرنە کرێ و ناکرێ ، ئەوا ڕێگەی دایەلۆگی ئاشتییانە تاکە هەڵبژرادەیە بۆ گەیشتنی سەندنی مافەکان و ، دەبێ کورد بچێتە نـاو جەرگـەی خـۆ ئامـادەکردن بـۆ دایـەلۆگکردن بـە فـۆرم و ناوەرۆکەوە ، ئەوەش پرۆسەیەکە کە بەسانایی سەر ناگرێ و لـە شـەڕی بـەکردەوە سـەختترە ، بـەر لـە هـەر شـتێك جێبـەجێکردنی سـتراتیژو تاکتیـك و خەملانـدنی نـزیکترین و دوور تـرین سـنووری بـۆ داخوازی و ئامانجەکانی گەلی کورد و دەستنیشانکردنی هەڵبژاردەو فرە ئەڵتـەر نـاتیڤی هەمـە جـۆری گەرەکـە لـە بـەرێوە بردنـی کـاری سیاسـی بـە پێـی پێـزانین و قەناعـەتی پسـپۆران لـە بـوارە هەمەجۆرەسیاسی و ڕۆشنبیری وزانستی و کارگێری و دیپلۆماتییەکاندا .

گۆڕانکارییەکانی مرۆیی دەساڵ دەبێ جارێکی دی دەیسـەلمێنن لـەوەی بۆیدەچین و کـەوا لەنـەمانی ململانێی جیهانیی نێوان هەردوو جەمسەر و وەستانی شەڕی سارد و , پاشەکشێی ئارەزووی چارەسەری ململانێیەکان لەرێگەی شەرەوە ، بەرجەستەبوون ، جگـە لـە هەڵکشـانی داواکردنـی نەهێشـتنی چـەکی بەکۆمەڵ کوژی و تە نبێکرانی ئەو ڕژێمانەی چاودێری تـیرۆر دەکـەن . ئـەوەی شیاوی باسکردنە لـەم بـوارەدا نـاوی زۆر بـەی ئـەو ڕژێمانـەی لەووڵاتانـەی کوردسـتانیان زەوتکـردووە لـە لیسـتی دەوڵـەتی شـەرەنگێز یاچاودێری کـەری تـیرۆرە لـە لایـەن وڵاتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا و وڵاتـانی ئـەورووپا و چەندین ڕێکخراوی ناحکوومیو ناوەراستەکانی ڕای گشتی و جیهانی دان و ، لەوماوەی دواییـدا و دوای

دەرچوونی دەنگوباس لە لیستێك کەناوی حەوت دەوڵەت لەجیهاندا لای وەزارەتی بەرەڤانی ئەمریکی بەخۆ دەگرێ ، روو بەرووی هێرشێکی ئۆتۆمی تەکتیکی دەبنەوە لە حاڵەتێ کە چەکی کۆکوژییان بەکار هێنا ، یاخود چوونە ناوشەڕێکی ناوەخۆ و هەرێمایەتی لەنێویاندا سێ دەوڵەت کە کوردستانیان زەوت کردووە ناویان هەیە ، هەموو ئەوە بەڵگەی قووڵیان هەیە و بزاڤی رزگاریخوازی کورد دەتوانێ ئەم رووداوانە بۆ بەرژەوەندیی چارەسەری دۆزەکەی و بەپشتیوانی نێودەڵەتی بەتایبەتی لایەنی سیاسییەکانی خاوەن بریار وە بەربێنێ . هەروەها ئەوە نیشاندەرێکی دیارە بۆ رادەی پێگەیشتنی فاکتەری نێو دەوڵەتی و بارودۆخی دەرەوەی دەورەدراوی دۆزی کوردی ، بە پێچەوانەی ئەو سلبیات و گۆێپێنە دانە و خۆلێگێلکردنەوەی تاپلەی دوژمنایەتی لە لایەن هێزە نێو دەوڵەتییەکانەوە کە چارەسەرکردن و بەستنەوە لە دەسەت خۆیاندا بوو ، کەلە هەردوو سەدەی رابردوودا دووچاری ببوو . کە چاوەروانی سەرکەوتنی دۆزی کورد بکات . ئەویش پێگەیاندنی فاکتەری ناو خۆیە کە هێشتا دووچاری چەند قەیرانێکی سەخت و ئالۆز بووە . هەموو ئەوەی رێگە بۆ هێنادیی ئاسایش و سەقامگیری لە جیهاندا لەدەستدانی دەرفەت لە جێبە جێکردنی نەخشەکانی قڕکردن و پاکتاوکردنی رەگەزی خۆش دەکات . کۆنگرەیی داربن _ بۆ قەڵاچۆکردنی رەگەزپەرستیو جیاوازی شوفییەنی کەساڵی پار لە باشووری ئەفریقیا داگیرا ، بەشێوەیەکی ئاشکرا تەعبیری لەخواستی هەرە زۆری رۆڵەکانی مرۆڤ کرد ، بۆ هێنادیی جیهانێك کە ئاشتی وتەبایی لەنێوان دەوڵەتان و میللەتان سەروەر بێ و ، بزاڤی رزگاریخوازی کورد هەرتەنیا پێویستی بەبەرنامەی ئاشتی نییە بەڵکو ئەرکی ئەوە بیناکردنی پردە لەگەڵ بزاڤەکانی ئاشتی و ئاشتیخوازان لەلای رۆڵەکانی ئەو نەتەوانەی تر کەلەوڵاتە جیاجیاکانی کوردستانیان دابەشکردووە هەن . لەوەی کەرۆڵ و کارتێکردنیان لەگەیشتنی چارەسەرێکی ئاشتییانەی دیموکراتییانەی دۆزی کورد هەیە .

لەکۆتاییدا رێمپێبدەن کەلەسەر دوو مەسەلەدا بوەستم : یەکەمیان : مانگی ئادار جووڵانەوەیەکی بەلەزو گەرموگوڕ لەلایەن هێزەکانی جیهانی و هەرێمایەتی بەخۆ وە دەبینێ . کەلەبنەڕەتدا جەخت لەسەر ئایندەی عێراق دەکات دوای ئەوە هێزە زلەکە بڕیاریداوە لەپێناو گۆڕینی رژێم رووبەرووبێتەوە بەپێچەوانەی جارەکانی پێشوو کەزەبری تەمبێکردن بوون لەچوارچێوەی سیاسەتی -خستنە ژێربالْ – گومانی تێدانییە کارەکە خاڵی نییە لەمەترسی و . چارەنووسی کوردی عێراق بەگشتی لەسەر ئاییندەی عێراقدا دەوەستێ . بەتایبەتی لەرێگەی ئەنجامدانی کردەوە سەربازییەکان و ئەنجامەکانیان و سروشتی ئەلتەرناتیف و هەڵبژاردە چاوەڕوەنکراوەکاندا . پاراستنی دەسکەوتەکانی هەرێمی کوردستان لەجەوهەری ئەرکە بنچینەییەکانی گەلی کورد و ئاسایشی نەتەوییدایە لەهەموو شوێنێکدا و هەرگیز بوارنییە دەست لەهەر دەسکەوتێك هەڵبگرێ . بەڵکو ئەوەی پێویستە چاککردنی مەرجەکان و بارودۆخی دەسکەوتەکان و ئەو ئەنجامدراوە نایابانەیە کەلەماوەی دەساڵ و تائێستا هاتوونەتە دی . لێرەدا حەز دەکەم جارێکی تر جەخت لەسەر چاککردنی بارودۆخی نێودەوڵەتی و پەیوەندیی رووداەکان بەیەکترییەوە بکەمەوە . دوای هەردوو شەڕی کەنداو . دەسەڵاتی نیشتمانی فەلەستینی بەتەریبی هاتنەدی فیدرالیزم لەکوردستانی عێراق هەڵساو ئێستا دوای بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایش لەدانپیانانی دەوڵەتێکی فەلەستینی بۆ یەکەمین جار لەمێژوویدا کارکردن بۆ

چەسپاندنی ئاسایش و سەقامگیری و گەڕانەوەی دانوستان لەنێوان لایەنی فەلەستینی و ئیسرائیلی و . ئەگەرەکانی گۆڕین لەعێراق بەرلەوەی یالەدواییدا دەکرێ. ئەوا کورد بەتایبەتی لەعێراق ئەوەی هەقی خۆیانە وەریدەگرن . ئەویش بەپێی بنـەمای هاوسـەنگییە سیاسـییەکان لەسـەر ئاشـتی هەرێمایـەتی و هێنانەدیی بەرژەوەندییە نێو دەوڵەتییەکان کەکوردسـتانی عێراقـی خسـتۆتە ژێـر بازنـەی روونـاکی و لەپێگەی ستراتیژی ئەمڕۆ و ئاییندەدا .

دووەم : لەبارەی ئامادە باشییەکان بۆ زیندووکردنەوەی یادی سەد ساڵەی لـەدایکبوونی بـارزانی نـەمر کەدەکاتە رێککەوتی ئاداری داهاتوو کەبەرپرسی نەتەوەیی دەکەوێتە سەرشانی هەڵبژاردە رۆشنبیری و سیاسی و کۆمەڵایەتی لەهەموو لایەکی کوردسـتاندا . بـۆ راپەرانـدنی ئەرکـەکانیان لەئاسـت ئـەم بۆنـە نەتەوەییە کەسنووری ناوچە و وڵات و حیزب و رێکخراوەکان دەبڕی . بەم بۆنەیـەوە داوا لەهـەمووان دەکـەم بـۆ خـۆ ئامـادەکرن و بەشـداریکردن و هاوکـاریکردن . بـۆ ئـەوەی یادەکـە ببێتـە ڤیسـتیڤاڵی نەتـەوەیی بـەناوەڕۆك چـالاکیی هـزری و ڕۆشـنبیریی و ئەفرانـدنیان تێـدابێ و . کۆڕوکۆبوونـەوە و لێکۆلینـەوە لـەبارەی کلتـووری بـارزانی نـەمر بکـرێ . بـۆ کۆکردنـەوە و دارشـتنەوەی ئـەم کلتـوورە سەرلەنوێ بۆ خزمەتکردنی – کوردایەتی – و تێکۆشانی سیاسیمان و نۆڤارکردنەوەی و . پتـەوکردنی بنکەی فیدرالیزمی هەرێمی کوردستان کەیەکەمی لەدەستکەوتەکانی ڕێبازی مەزنمان پێکدێنێ .

بەروار : 26 / 4 / 2002